ئەمشەو تەنیایی دادگیرسێنم..
شەمامە بارەوانی

ئەمشەو
لەگەڵ بەدەنگی شەوەزەنگدا
بەدەم ژەنینی فلوتی ئازار
و
بە باکردنی جگەرەی خەمەوە
شەوکێتری تەنیایی دادگیرسێنم

ئەمشەو
ئینجانێی بەختم لەسەر باکەنی
تەنیایی درز دەبات
و
تەرمی خەونەکانم
لەگەڵستانی عەدەم
دەچێنم

ئەمشەو
نە کەترک گەمێی دەخشی
لەسەر پەنجەرەی بەتاقەتیم
دەخوێنێت

نە نەغمەی بولبولێک
نەمێی بارانی بەزاریم
دەڕەوێنێتەوە
و
نەشنەبای نەسیمێکی تەڕ
پەردەی هیلاکیم دەلەرێنێتەوە

ئەمشەو
ئستاتیکای وشەکانم
دەبن بە تراویلکەو
و
ئەدرەسی هەموو هەنراوەکانم
دەچنەوە سەر نەسەبی هەوەرین

ئەمشەو
دوا فەسڵی خوێنکانمە
و
تنۆکێک بزەم نامێنێت
بە فانۆزی پێکەنین

ئەمشەو
شەپۆلێک خەمی سەرشێت
لە پەدەشتی دەروونما
دادەکات
و
هەشووی هەنگاوەکانم
دەبن بە بەرد

ئەمشەو
شیعرەکانم
کاژی چاوەوانی
فڕە دەدەن
و
ڕوخساری دڵەکانم
ئاوێتەدەبن بە باوەشێک گوڵەای
ڕەنگ زەرد

ئەمشەو
هاژەی ڕووباری خەزگەکانم
دەخنکێن
و
زەربای ڕەحم
مەیلی سەمایەکی خەمناک
دەکات

ئەمشەو
مەوسمی بەهار
هەڵمی دەم جە دڵەت
و
وەرزەکیتری پاییز
دەست پەدەکات

ئەمشەو
جەگەلەی هیچ ماچێک
کانی مەراقم بەسەرناکاتەوە
هەواری تامەزرۆییم
تەنناکات

ئەمشەو
ئاوێنەی ئاواتم
دەشکێت
و
کزەبای
هیچ هەناسەیەک
لە تابووتی جەستەما
هەڵناکات

ئەمشەو
باڵندەی ئومێدم
بە بێ نازی سەردەنتەوە
و
دووبارە کاروانێکیتری
سەراب
بەرەو هەیوانی تەنیاییم
دەتەوێ